


## ڕێواس

ستیانێکی شەکەری و ئەتەکێکی شین

لەشێ ماسی و خەرمانێ گر

هەمسەیە ك و مەوجەیەك ناز

ئیدی بڵێ

کێ گیانی نابێ بە ڕێواس

## گەمە

لەسەر لمی ئەو ڕۆخەدا درێژ مەبە

ڕەش دەبییەوە هەستە هەورێ بە خۆتا دە

کچێ مەرگە خۆکشاننە وە بە تەنێ

یان دانیشە

یان هەستە باڵا گەردانی شەپۆلێك بە و

لەتەك ئەوا

گڕی گەمەکەت خامۆشکە

## شووشە

فوستانێك ڕەش

بارانی کەزییەکی لول بە سەرییەوە

گەردن ئاوێنەیەکی درێژ

لە خوار گەردن خەرمانێ گۆشت وەکو بەفر

خووار تر گولە هەناریکی تاریك

لە سەر شووشەیەك کەوتو وە

## نوقڵ

دەس مەدە ڕۆب

هێشتا شانت کەفی بانیۆی پێوە ماوە

کچێ پرچت بە وتەرزە ووشك مەکەرەوە

تۆ نازانی خانە خەراب وەختی وا من

پرژەم لێ دەبێ بە نوقڵ و

تەراییم لێ دەبێ بە سووتان

## تەم

تەنوورەیەکی کورتی زەرد

خوماری سەر دوو بەرزایی

کە بە موو دەچووەوە پێش یا دووا

ئیدی ئیدی

دڵ دەبووبە درختێکی

نیوە سووتی پڕ دووکەڵ و

ڕێی بارانی بە قوڕ دەگرت

شەتڵ

غایەی تەنها خۆرکوشتن بوو

دەنا دەنابەو نیوەڕۆ

لە سەر پشتی پییانۆیەك پاڵ نەدەکەوت

یان ئاوریشمێکی گییای لەزەت کێشی

نەدەپێچایە کەمەری و

دەستی دەستی

لە خۆیا شەتڵ نەدەکرد

سەما

لە ئاهەنگەکەی دوێ شەوا

وەختێ تۆ بە فوستانێکی کاکاویدرێژەوە

سەماسەماشلکەی گییانتی

دەدایە دەس هەلپەرین و چەمێ ئاگر

من لە دتوێ ی کراسێکی مارۆنیدا
شیعر دەیووت وە ژوورکەوە

گوڵ لەوە گوڵ تر کامەیە

سێبەر
لە پشتەوە تەختایی ناو ئاو دامانێ

لە سێبەری پر ئاونگی سەحەر دەچوو

ئەوساکە خۆر

خۆر بە دییار شەونمێکەوە درێژ دەبوو

هەنووکەمن هەنووکە من

بەدییارمەوجی لەشێکەوە

گولێ فرمێسکی تازەم و

لێ مەخابن بەگلێنەی جنوونەوە

قتیس ماوم

1998/ئەسینا